# ڕێکەوت

یاسین بانیخێلانی

کەم ڕۆژ هەبوو لەسەر ئەو ڕێگایەی بۆ کار دەچوو، تووشی کچێك نەبێت، کە جوانییەکەی گیرۆدەی کردبوو. ئەو دەیزانی چەند زیاتر عەشقی ببێت و خۆشی بوێت ئەو زیاتر ڕقی لێی دەبێتەوە. بە لێکدانەوەی خۆی ئەمە پەیوەندی بە جل و بەرگەکانییەوە هەبوو، چونکە ئەو کاتانەی توشی دەبوو یا بە جلە تۆزاوییەکانەوە بۆ سەرکار دەڕۆیشت یا بەسەرو گوێلاکی تۆزاوییەوە لەسەرکار دەگەڕایەوە، ئەویش هەموو جارێك بە جوانترین و خاوێنترین جل وبەرگ و بۆنێکی خۆشەوە بەلایداو لەگەڵ سەیرکردنە پڕ حەزەکانی ئەودا دەم وچاوی گرژ دەکردو تێدەپەڕی.

زۆر جاران لەکاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بۆ چەند کاتژێر بیری لەوە دەکردەوە، چۆن بۆ جارێك بتوانێت لێی بپرسێ: ناوت چییە؟ بەمەرجێك تووڕە نەبێت و وەڵامی بداتەوە!. ئاخر ئەو دەیزانی ئێسکی کرێکارێکی وەك ئەو چەند لە لای گرانە، هەر وەکو لای خاوەن کارەکان. ئەگەر وانییە بۆ بەو شێوە لە کرێکار دەنواڕن، ئاخر ئەویش مرۆڤە و وەك ئەوان هەموو هەستێکی مرۆڤانەی هەیەو لە مانای خۆشەویستی تێدەگات.

کات تێدەپەڕێ، ئەویش هەر وەك جاران و بەهەمان ڕێگەدا دەچێتە کرێکاری، بەڵام لەگەڵ هاتنی گەرمای هاویندا بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك ئەو کچەی نەبینییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی لەبیری خۆی بباتەوەو هەموو جار بەسەرزەنشتێکەوە بەخۆی دەگوت: بە درێژای ساڵێك من هاتومەتە ئەم گەڕەکەو هەموو ڕۆژێك لوتم لەسەر ئەو ڕێگایە بە لوتیدا دەتەقێ و کەچی نەمتوانی تەنها و تەنها لێی بپرسم: ناوت چییە؟.

دوا نیوەڕۆیەك، کە گەرما پشووی لەبەر مرۆڤ دەبڕی، هەر لەخۆوە گوتی: پاش دەستهەڵگرتن لەکار دوو، سێ بیرە دەکڕم و دەچمە کەناری ڕووبارەکەی قەراغ شار بۆ مەلەکردن تا کەمێك بحەوێمەوە، چونکە ئەمڕۆ شەممەیەو بۆ سبەینێ خەمی زوو بێداربوونەوەم نییە.

بەسەرو گوێلاکی تۆزاوی و جانتایەکی کۆنی خۆڵاوییەوە بەرەو کەناری ڕووبارەکە بەڕێکەوت، کاتێك ئەو هەموو خەڵکەی بینی سەری سوڕما، کەمێك ڕاوەستا و بە درێژایی کەنارەکەدا نواڕی تا جێگایەکی بۆ دانیشتن دەستنیشانکرد.

ئەو جێگایەی ئەو سێبەر بوو هەندێ جاریش شنە بایەکی فێنك بە ڕوویدا دەهات، بەمەش هەستی بە حەسانەوە دەکرد، بۆ ئەوەی زیاتر بحەسێتەوە پێڵاوو گۆرەوییەکانی لەگەڵ کراسەکەی بەریدا داکەندو هەستایە سەرپێ بۆ ڕاخستنی جلی کارەکەی، بەڵام خوایە گیان، لەگەڵ بەلای ڕاستدا ئاوڕی دایەوە چی بینی؟!.خۆ ئەوە خۆیەتی! ئیتر ئەم بەستەزمانە ترس و شەرم ئەوەندە شپرزی کرد نەیدەزانی چی بکات لەوە زیاتر چاوی بخاتە سەر ئەو کەسانەی لە ڕووبارەکەدا مەلەیان دەکرد.

ئەو هەر چاوی لەو کەسانە بوو مەلەیان دەکرد، هەندێ جاریش شەڕە ئاوی منداڵانی کەنار ڕووبارەکە سەرنجی ڕادەکێشا، لەپڕێکدا ئەوەندەی زانی لەتەنیشتییەوە قیژەیەك هەستا، وەك کەسێك لەپڕ هەواڵکی ناخۆشی بە گوێدا بچرپێنن هاتەوە سەرخۆی و ئاوڕی بەلای ڕاستدا دایەوە کیژەکەی بینی لەگەڵ دایکی و کچێکی تردا، کە هەر بەخوشکی دەچوو هەستاونەتە سەرپێی و بەگریان و هاوارەوە داوای یارمەتی دەکەن و دەست بۆ ڕووبارەکە ڕادەکێشن! . کاتێك ئەم دیمەنەی بینی سەرنجی دایە ڕووبارەکە پیاوێك، کە چەند مەترێکی مابوو بگاتەوە کەنار ڕووبارەکە پەلە قاژەی پێکەوتووەو بە هاوارەوە داوای یارمەتی دەکات. خەڵکێکی زۆریش بەهەمان شێوە واقیان وڕماوەو بە بێ ئەوەی دەستی یارمەتی بۆ ڕابکێشن هەستاونەتە سەرپێ و تەماشای چارەنووسی ئەو نیوە خنکاوە دەکەن.

دیمەنێکی ترسناکە مرۆڤێك نەیەوێت بمرێت و کەسێکیش نەتوانێت دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات، بۆیە هەر ئەوەندەی پێکرا پانتۆڵەکەی داکەندو بە پەلە بەرەو لای ئەو مرۆڤەی هێشتا پەلە قاژەی مەرگی بوو خۆی هاویشتە ناو ئاوەکە.

ئەوەندە شڵەژابوو ئەویش ئەوەندە پەلە قاژەی بوو هەرکە پێی گەیشت دەستی لەملی ئاڵاندو پێکەوە بەرەو بنی ئاوەکە ڕۆشتن، ئەگەر بهاتباو زوو خۆی لەدەست قوتار نەکردبا ئەوا ئەویشی بەخۆیەوە دەخنکاند. لەو کاتەدا خۆی لەدەستی قوتارکردو کەمێك لێی دوورکەوتەوە، جارێکی تر ئەو بە پەلەقاژەو دەنگێکی پچڕ پچڕ، کە بەوە دەچوو دوا هەناسەی بێت کەوتەوە سەر ئاو.

ئای خوایە گیان: چ دیمەنێکی خەمناکە، کاتێك مرۆڤێك تەنها یەك مەتر کەمترلێت دوور بێت، کەچی نەتوانیت لە مەرگ ڕزگاری بکەیت، دەبێت دیمەنی مردنی ئەم کابرا بۆ هەتا هەتایە لەبەر چاوم ونبێت؟ تۆ بڵێی: مەرگی، ئەم مرۆڤە بۆ هەتا هەتایە سزام نەدات؟ (لەبەرخۆیەوە ئەمەی گوت).

ئەو هێشتا بە تەواوەتی هێزی لێنەبڕا بوو لەگەڵ دەنگە پچڕ پچڕەکەدا بۆ قوڵایی ئاوەکە ڕۆدەچوو، ئەویش تینێکی تری دایە بەر خۆی و لە پشتەوە دەستەکانی گرت و پێکەوە لەسەر سنگی گرێ دان و بە پشتا یەك دوو مەتر ڕایکێشا تا ئەو جێگایەی، کە چیتر مەترسی خنکانی نەبوو. چەند مەترێکی مابوو بگاتە کەناری ڕووبارەکە خەڵکێکی زۆر بۆ هاوکاری هاتنە ناو ئاوەکە. پاش هێنانە دەرەوەی خنکاوەکە، کە هیوای مانی مابوو، دەستەیەك پۆلیس و پزیشکی فریاکەوتن پێڕاگەیشتن و لەڕێگای چارەسەری سەرەتاییەوە توانییان هەموو ئەو ئاوەی چووبووە قوڕگ وگەدەیەوە پێی هەڵبهێننەوەو مرۆڤەکە بکەوێتە هەناسەدان و لەمردن ڕزگاری بێت.

لەچواردەوری لاشەی ڕاکشاوی خنکاوەکە خەڵکی ئاپۆرەی دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی گریان و شین مرۆڤی هەراسان دەکرد، ئەویش پاش کەمێك تێڕامان لە ئاپۆرەکە بەرەو لای جلەکانی بە نیازی گەڕانەوە بۆماڵەوە خۆی لەبەرکرد. لەو کاتەدا هێشتا ئاپۆرەی خەڵکەکە هەر مابوو بینی خنکاوەکەیان سواری ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن کرد.

لەماڵــەوە بەجلــە تۆزاوییەکانــەوە خــۆی بەســەر ڕایەخەکــەدا داو بــەردەوام و بــەردەوام وێنــەی ئــەو مرۆڤەی دەهێنایەوە بەرچاو، کە چۆن لەبەردەمیدا پەلەقاژەی مـەرگی بـوو، هـەموو جـارێکیش ئـەو پرسیارەی لەخۆی دەکرد: تۆ بڵێی ژیان ئەوە بهێنێت مـرۆڤ ئـاوا لـە پێناویـدا خـۆی ڕەزیـل و سـوک بکات، ئاخر زۆر جاران تاڵی ژیان وای لێکردووم پەنا بۆ خۆکوشتن ببەم، تۆ بڵێی: هی ئەوە بێت، کە هێشتا مەرگ لەدەرگای نەدابم؟. ئـەو هـەر لـە بیرکردنـەوەی ئـەو مرۆڤـەدا بـوو هەنـدێجاریش لەبـەر خۆیەوە خەنی دەبوو بەوەی، کە مرۆڤێك نەیدەویست بمرێت و ئەو تـوانی ڕزگـاری بکـات. هاهاهـا جا کێ دەڵێ: ئـەوە پیـاوخراپێکی وەك خـاوەن کارەکـەم نـەبێت وڕۆژانـە چـەندین مرۆڤـی وەك مـن نەچەوسێنێتەوە؟.

ئەو بەوە زۆر دڵخۆش بوو ویژدانی خۆی ئاسودەکرد و خۆشبەخت بـوو بـەوەی ئـەو ئێـوارە کـەناری ڕووبارەکەی هەڵبژارد، کـێ دەڵـێ: جێگەیـەکی تـری هەڵبژاردایـەت تووشـی کارەسـات یـا کێشـەیەك نەدەبوو، کە ببوایەتە هۆی ئازاردانی خەڵکی تر، ئەمە هـەموو ڕێکەوتـەو مـرۆڤ نازانێـت لـەم ژیانـەدا چۆن توش دەبێت. هێشتا هەر لەبیری ئەو مرۆڤەدا بوو، کە توانی ویژدانی ئاسـودە بکـات، بۆیـە بـۆ حەوانەوەی مێشکی هەستا بیرەیەك بخواتەوە.

لەگەڵ هەستانە سەرپێ، تەماشای ئەم لاولای خـۆی کـرد، سـەیردەکات لەبـەر نەپـەرژان و شـڵەژان جانتاکەی لە کەناری ڕووبارەکە لەبیر چووە، بۆیە بەپەلە بەرەو کەناری ڕووبارەکە وەدەرکەوت.

کاتێك گەشتە کـەناری ڕووبارەکـە ئێـوارە داهـاتبوو، جگـە لەکۆمـەڵێك لاوو تاکـە تاکـە مـرۆڤ نـەبێت کەسێك لەوێ نەمابوو، ئەو بیرەیەش پێش خنکانی کابرا بە نیازی خواردنـەوە هـەڵی پچـڕی بـوو لـە جێگاکەی خۆی مابوو، بەڵام جانتاکەی لێنەمابوو، ئەم دیمەنەش وەك سیخێکی گەرم دڵـی داغ کـرد، بۆیە بە دڵێکی شکاوی پڕ لەگریان لە جێگای خۆی چیچکەی کـردو لـە شـوێنی خنکـانی کـابرا ڕامـا، بینی لەو جێگایەی بۆ یەکەمجار هێنایە دەرەوە گوڵێکی زۆری ڕەنگاو ڕەنگ فڕێ دراون!.

*** *** ***

چەند ڕۆژێك بەسەر ئەو کارەساتەدا بەسەر چوو، بـەڵام ئـەوەی ئـازاری دەدا نـەمانی جانتاکـە بـوو، ئەگەرچی جانتاکـە ئەوەنـدەش بـەنرخ نـەبوو، لـەوەش ئـازاردەرتر نەبینـەوەی ئـەو کیـژە بـوو، کـە نەیدەزانی لە ترسی مردنی مرۆڤێك دەگریا یا هەر بەڕاست خنکاوەکە کەسـێکی نزیکـی یـا ناسـیاوی بوو!.

بەردەوام وەك هەموو ڕۆژانی پێشوو بە ڕێگاکەی خۆیداو بە جلە تۆزاوییەکانەوە دەڕۆشـتە سـەرکار. ژیان وەك خەونەکان وایە تەنها ساتێکەو کۆتایی دێت. ئەمڕۆ بەهۆی ئـەوەی شـەممە بـوو کـەمتر لـە ڕۆژان هەستیان بەماندوو بوونکرد، ماریۆی هاوکاری گوتی:

– ئـەمڕۆ شـەممەیەو هاوڕێکـەم سـەفەری بـۆلای دایکـی کـردووە ، منـیش نامـەوێت بەتـەنها لەماڵەوە بم، چونکە ڕقم لە تەنهایی دەبێتەوە، پێت چۆنە دوای کار بۆ خۆمان بچینە کـەنار ڕووبارەکە، بەڵکو ئەم ئێوارەش کەسێکی تر لەمردن ڕزگار بکەیت؟.

- ئای ماریۆ، تۆ ناتەوێت تەنها بۆ ئێوارەیەك بەتەنها بیت، ئەی دەبێت من چی بڵێم: هەموو ژیانم تەنهاییە!
- دە گوێی مەدەرێ، دەچینە بارێك بەڵکو لەگەڵ کچێکدا ئاشنایی پەیدا بکەیت و تۆش لەدەست تەنهایی ڕزگارت بێت؟
- ئاخر تەنهایی من زۆر لەوە قوڵترە کچێك بتوانێت هەمووی پڕ بکاتەوە، بەڵام بەهەر حاڵ ئەمشەو دەچینە جێگایەك و چەند سەعاتێك بە خواردنەوەو سەما بەسەر دەبەین، هەر ئەمەمام بۆ دەمێنێتەوە.
- زۆر باشە کاتژمێر هەشت لە وێستگای ناوەندی شار چاوەنوارت دەکەم!

لەکاتی گەڕانەوەدا بۆ ماڵەوە سەری داخستبوو، هەر بیری لەوە دەکردەوە کام لە جلەکانی بۆ ئەمشەو گونجاو بێت، لە پڕێکا هۆڕینێکی داچڵەکێنەری ئۆتۆمبیلێك هەموو شتێکی بیربردەوە، ئەویش بە توڕەبوونێکەوە لە شۆفێرەکەی ڕوانی و لەبەر خۆیەوە چەند جنێوێکی پێداو بەردەوام بووەوە لە ڕۆیشتن.

بەردەوام ڕێی دەکردوو دەیەویست بچێتەوە ناو بیرکردنەوەکانی لەپێشەوە دوو ئافرەت وەك تارمای ڕەش کەوتنە بەرچاوی، لەگەڵ نزیکبوونەوەیان زیاتر و زیاتر هەستی بە ئاشناییان دەکرد، تا ئەو کاتەی تەواو لەوە دڵنیا بوو ئەمە هەمان ئەو کچەیە بێ ئەوەی بیناسێت خۆشیدەوێت لەگەڵ کچێکی تردا، کە بۆ یەکەم جارە بیبینێت. لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەواندا تا دەهات زیاتر وەك جاران شەرم دایدەگرت، ئەگەرچی نەیدەتوانی تا تێپەڕ دەبێت سەیری نەکات.

ئەوەی سەیر بوو جاران بە تەماشاکردنی ئەو کچە دەموچاوی گرژ دەبوو، وەك ئەوەی پێی بڵێت: بە خوا کابرایەکی ناحەزیت وبەم سەیرکردنانەت ئەوەندەی تر ناشیرین دەبیت لەلام و هەنگاوەکانیشی بۆ ئەوەی زوو لەبەرچاوی ونبێت خێرا دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ پێچەوانەیەو لەگەڵ هاوڕێکەیدا بە دەنگی بەرز قسەیان دەکردو سەیری ئەویان دەکردو قاقا پێدەکەنین. ئەم دیمەنە چونکە یەکەمجاربوو زۆری دڵگرانی کرد و هەستی دەکرد لەلای هاوڕێکەی گاڵتەی پێ دەکات و پێی دەڵێ: ئەمە ئەو دەعبایەیە هەموو ڕۆژێك لەسەر ئەم ڕێگایە تووشی دەبم! . بۆئەوەی ئەویش لەدەست ئەو دیمەنە قێزەونە ڕزگاری بێت هەنگاوەکانی خێراتر کرد، کەچی وەك هەستیان بەشتێك کردبێت هەنگاوەکانیان خاوکردەوە تا ئەو جێگایەی ئەوەندەی نەما بوو لەبەردەمیدا بوەستن. ئەویش تا دەهات لەگەڵ توانەوە لەشەرمدا لێدانەکانی دڵی خێرا تر دەبوون و هەنگاوی خێراتری دەنا.

هەر بەڕاست ئەمە لەحاڵەتێکی شێتانە دەچوو، ئەوێك چەندین شەو خەوی بەوەوە دەبینی بۆ جارێکی تر ئەم کیژە ببینێتەوەو تەنها لێی بپرسێت: ناوت چییە؟. کەچی ئێستا بەو شێوە دەیەوێت لەدەستی هەڵبێت! . چەند هەنگاوێك دوور کەوتەوە لەدواوە گوێی لەدەنگێکی ئافرەتانە بوو، وەك ئەوەی بانگی بکات، ئەویش نا هەستیانە ئاوڕی دایەوە دەبینێت هەردووکیان ڕاوەستاون و چاوەنواری دەکەن، بەڵام ئەژنۆکانی ئەوەندە ماندووبوون توانای ڕاوەستانی نەمابوو بۆیە ڕووی

وەرگێڕاو دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە، کەچی هاوڕێکەی بەپەلە بە دوایدا هات و بەدەنگی بەرز بانگی دەکرد تکایە ڕاوەستە تکایە یەك خولەك تکایە.
خوایە ئەم کیژە چی دەوێت و دەیەوێت چیم پێ بڵێت: (ئەمەی لەبەر خۆیەوە گوت). کچە بەهەناسە بڕکە گەشتەلای و کاغەزێکی دایە دەستی و بە سوپاسێکەوە گەڕایەوە، ئەویش توند لەناو دەستیدا نوقاندی و بەرەوماڵەوە کەوتەوەڕێ.
هەرچەند بیری لەو کاغەزە دەکردەوە توند چاوەکانی خۆی دەنوقاندو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: دەبێت چی تیا نووسرا بێت و دەبێت ئەم کاغەزە کەی نووسرا بێت؟.
بەدەم بیرکردنەوەو بڕیاری دا ئەمشەو ئەو کاغەزە نەکاتەوە، نەکا خۆشی ئەمشەوی لێ تێك بدات! زۆر سەیرە خۆ ئەوەندە گەورەش نەبوو! هەر جێگای چەند دێڕێکی تیا دەبووەوە! تۆ بڵێی: نووسیبێتی بە قۆندەرەت نازانم یا گوبخۆی لەو سەیرکردنانەت باشترە یا.....
تەواو بڕیاریدا ئەمشەو ئەو کاغەزە نەکاتەوە، نەکا، خۆشییەکانی ئەمشەوی لێ تاڵ بکات!
پاش خۆشتن و خۆ ئامادەکرن بۆ دەرچوون، دەستی بە خوارنەوەی بیرەکرد بۆ ئەوەی نامەکەی لەبیر بچێتەوە، ئەگەرچی هەزارەها ئەندێشەی بە مێشکیدا دەهێنا. هێشتا دوو بیرەی تەواو نەکردبوو هەستی بە کەمێك مەستبوون دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا هزرێکی باش بە مێشکیدا هات، کە ئەم چیرۆکە بۆ ماریۆ بگێڕێتەوەو نامەکەی بداتێ، بەمەرجێك تا کاتی گەڕانەوە ناوەڕۆکەکەی پێنەڵێت.
هێشتا کاتژمێرێکی مابوو بۆ ژووانەکەی، گۆرانییەکی زۆر لەسەرخۆو خەمگینی بۆ لەبیرخۆبردنەوەی نامەکە داناو بەپەلە دەستی بە پێکهەڵدانکرد، چەند زووتر پێکی هەڵدەدا ئەوەندەو زیاتر هەستی بە مەستبوون دەکرد. ئای کە خۆشە مرۆڤ لە مەستبووندا ناتوانێت چیتر ئەو هەموو پەنهانەی لەناخیدا حەشاریداوە ڕایبگرێت. دەمێکە گوتوویانە مەی حەقیقەتە، ئەوە نییە مرۆڤ چۆن بەرەو ڕاستگۆیی دەبات!. پێکهەڵدان و مەستبوون بەجۆرێك ئاوێتەی یەکتر بوو بوون، هەستی دەکرد جۆرە هێزێکی دەداتێ، کە بۆ دەبێت مرۆڤ لەئاست مرۆڤێکی تردا شەرم بکات! شەرم، شەرم... شەرم چییە جگە لە هەقیقەتێك، کە نامانەوێت بیدرکێنین، چونکە لەئاکامەکەی دەترسین، ئەی کەواتە ئیتر من بۆ شەرم لەو کیژە بکەم و پێی نەڵێم: خۆشم دەوێی؟ ئەمە هەقیقەتێکە ئەگەر نەیدرکێنم لەناوەوە وێرانم دەکات و ڕەنگە ئەوەندە ئاسایش بێت بە نەدرکاندنی سبەی بۆ هەتا هەتایی باجەکەی بدەم (لەبەر خۆیەوە ئەمەی گوت). پێك هەڵدان و مەستبوون وای لێدەکرد و هێزێکی وای پێدەدا ئەگەر ئێستا ماڵەکەیانی بزانیبا بۆی دەچوو بانگی دەکردە دەرەوەو بەو پەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە پێی دەگوت: کچی جوان و میهرەبان من ئەگەرچی هێشتا نەك هەر ناتناسم بەڵکو ناوەکەشت نازانم و ئەمەش زۆر ئاساییە، کە پێت بڵێم: خۆشم دەوێیت، ئەرێ هەر بەڕاست خۆشم دەوێیت!.
کات ئەوەندەی نەمابوو بۆ ژووانەکە ئەویش بەشێوەیەك مەست بووبوو وای دەزانی لەسەروی خۆیەوە کەسێکی تر نییە، ئاواتە خوازبوو ئەمشەو لەدەرەوە توشی ئەو کچە ببێت بۆ ئەوەی هەموو

گرێکانی دەروونی لا بکاتەوە. وەك کەسێك لەپڕ ئاوێکی سارد بە دەروونیدا بکەن پارچە کاغەزەکەی هاتەوە یاد و هێنایەوە ژێر سفر، بۆیە بەخێرایی دەستی بە پێکهەڵدان کردەوەو زۆر بێباکانە گوتی: مرۆڤ چۆن دەبێت ئەوەندە شەرمن و ترسنۆك بێت تەنانەت وێرانی کردنەوەی کاغەزێکی نەبێت، وە دەبێت لەو پارچە کاغەزە بچوکەدا چی نووسرا بێت؟ خۆشتر وایە بیکەمەوەو ئەمشەو من و ماریۆ بەم چیرۆکە نوێیە بەسەر بەرین و گاڵتە بە ئەقڵی کچان بکەین، کە کوڕێك داوای خۆشەویستییان لێدەکات.

دەستی برد قومێکی زۆر قوڵ بیرەی هەڵدا، کە ئەوەندەی نەمابوو لە دەمیەوە بڕژێت و وەك کەسێك بیەوێت نمایشێکی گاڵتەجاڕانە پێشکەش بکات، هەستایە سەر پێ و دەستی برد کاغەزەکەی هەڵگرت و لەبەر خۆیەوە گوتی: دەی کچی باش وەرە با بزانم چیت بۆ نووسیوم، هاهاها ناشێت گاڵتەو لاقرتی بە ئەقڵم بکەیت، ئێ بۆ کچی باش من مرۆڤ نیم و هەستی مرۆڤانەم نییە؟ دەی وەرە با بزانم چیت بۆ نووسیوم؟.

بەلەترێکەوە کاغەزە قەدکراوەکەی کردەوە، بەڵام هەر چەندی کرد لەچەند خەتێکی پچڕ پچڕ زیاتر هیچی بۆ نەخوێندرایەوە، بۆیە بەلارە لار گلۆپەکەی هەڵکرد و وەك چاوکزێك سەری لەکاغەزەکەو کاغەزەکەی لەسەری نزیککردەوە، جگە لەژمارەی تەلەفونێك، کەلە تەنیشتییەوە نووسرابوو تەلەفۆنم بۆ بکە هیچی تری نەدی!. چەند جارێکی تر ئەمدیوو ئەو دیووی کرد جگە لەو ژمارەو دێڕە نەبێت هیچی تری تێدا نەبوو!. لەبەر خۆیەوەو بەخۆی گوت: دەك داوەشێیت پیاو ئازایەتی کچێکت نەبوو، تەنها ڕۆژێك ئەم دەستپێشخەرییە بکەیت!. مەستبوونی نامەکە مەستبوونی مەیەکەی لەبیربردەوە، بۆیە بەو پەڕی بڕوا بەخۆبوون ولوتبەرزییەوە دەستی دایە تەلەفۆنەکە، بەڵام پێش ئەوەی ژمارەکە لێبدات، دەیەویست خۆی بۆ قسەکردن ئامادە بکات و بەو پەڕی ڕێزەوە سوپاسی ئەو دەستپێشخەرییەی بکات، کەچی هێزێکی شەڕ هەمیشە ئەوەی بەبیردا دەهێنا، مەبەستی ئەو کچە ڕەنگە ڕیسواکردنی بێت لەتەلەفۆندا، چونکە هیچ کاتێك خۆشیی بەچارەیدا نەدەهات و هەمیشە بەو پەڕی ڕووگرژی و سوك تەماشاکردنەوە لێی دەنواڕی. لەو بیرکردنەوەدا سەیری کاتژمێرەکەی کرد، ئەوەندەی نەمابوو بۆ جێژووانەکەی، بۆیە هەتا توانای هەبوو پێکێکی تری قوڵی هەڵداو دەستی بە لێدانی ژمارەکان کرد. لەگەڵ لێدانی ژمارەکاندا لێدانەکانی دڵی خێرا دەبوون تا ئەو کاتەی یەکەم زەنگ لێیدا ئیتر ئەوەندەی نەما بوو دڵی بەیەکجاری بوەستێت!.

- بەڵێ فەرموو
- ئەمە ماڵی هین نییە؟
- هین کێیە؟
- نابورە هەڵە بوو! ئای خوایە گیان! بۆ ئەوەندە پەشۆکاوم!. لێدانی ژمارەی تەلەفۆنێك چییە، وا پەشۆکاندوومی بەهەڵە لێیبدەم.

ئەو هەستی بە سەرخۆشی خۆی دەکرد، بۆیە . بۆ جاری دووهەم بەوپەڕی وردکارییەوە ژمارەکەی لێدایەوە: بەڵێ

- ببورە ئەمە ماڵی هێن نییە؟
- ئەرێ کاکە بۆ قسەناکەیت ماڵی هێن کێیەو ئەم ژمارەت لە کێ وەرگرتووە؟
- نازانم ئەو کچە، ببورە خوات لەگەڵ!.

ئاخر تۆی گەمژە مافی خۆتە کچان ئاوا پێت ڕابوێرن و ژمارەی خەڵکت پێ بدەن، ئەی ئافەرین کچی شەیتان (لەبەرخۆیەوە ئەمەی گوت).

بەو پەڕی بێتاقەتییەوە سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد، ئەوەندە کاتی بۆ جێژووانەکە نەمابوو، بۆیە بۆ ئەوەی ماریۆ لەکیس نەچێت، نەك بۆ خۆشییەکەی ئەمشەو بەڵکو بۆ ئەوەی ئەم چیرۆکەی بۆ بگێڕێتەوە، چونکە خەریك بوو مێشکی دەتەقی، بۆیە بەپەلە خۆی گەیاندە وێستگەکەی نزیك ماڵ.

کاتێك گەشتە جێژووانەکە ماریۆ نزیکەی پانزە خولەك بوو چاوەنواڕی دەکرد، ئەویش، زمانی لەناو دەمیدا ئەوەندە بچوك بووبوو بەئاستەم وتەیەکی ڕوونی بۆ دەدرکا، هەر ئەوەندە نەبێت داوای لێبووردنی لێ کردو ویستی چیرۆکەکەی بۆ بگێڕێتەوە لەزەنگی تەلەفۆنەکەی درا!.

- بەڵێ
- ببورە ئێوە پێش چەند خولەکێك تەلەفۆنتانکرد! دەمەوێت بەڕێزتان....

دەنگی کابرای ناسییەوە، بۆیە نەیهێشت قسەکانی تەواو بکات، تەلەفۆنەکەی بەسەردا داخست. ئەمەش تووشی شڵەژانێکی وای کرد، کە ماریۆ هەستی پێبکات! بۆیە گوتی: ئەوە بۆ وات بەسەر هاتووە؟. نا هیچ نییە با لێرە بڕۆین هەمووت بۆ دەگێڕمەوە.

بەنیازی ئەو جێگایەی مەبەستیان بوو بەڕێکەوتن، چەند مەترێك دوورکەوتنەوە دیسانەوە زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدایەوە!. کاتێك سەیری ژمارەکەی کرد هەمان ئەو ژمارەبوو پێشتر تەلەفۆنی بۆکردو ئەویش جارێکی تر کردییەوە، بۆیە وویستی وەڵام نەداتەوە، بەڵام لەپڕ بە پەشۆکاوییەوە تەلەفۆنەکەی دایە دەست ماریۆ بۆ ئەوەی ئەو وەڵام بداتەوە!.

ماریۆ خەریکی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکەبوو، ئەویش ئەوەندە شڵەژابوو هەر دەستی بە قژیدا دەهێناو لەو جێگایەی لێی بوون دەهات و دەچوو. ئەو لەبەر نائارامی نەیدەزانی ماریۆ چی لەگەڵ ئەو کابرایەدا دەڵێ و باسی چی بۆ دەکات؟ ئەگەرچی لە وریایی ماریۆ دڵنیابوو، بەڵام درێژەکێشانی قسەکانیان ئەوەندەی تر توشی گومانی کرد!. مرۆڤ لەکاتی شڵەژاندا ئەوەندە بیر بەمێشکیدا دێت، کە هەمووی لای تێکەڵ دەبێت تا ئەو ڕادەیەی وەك کۆڵانێکی داخراوی لێدێت. ئەویش ئەوەندە خەیاڵەکانی ناو مێشکی ئاڵۆزکا بوو، وایدەزانی ئەو کچە لەعنەتییە داوێکی بۆ ناوەتەوەو دەربازبوون لێی زۆر ئاستەمە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك سەیری ماریۆی دەکرد بەدەم قسەکردنەوە دەهات و دەچوو پێدەکەنی کەمێك ئارام دەبووەوە!.

دیمەنی ماریۆو خەیاڵەکانی ئەو ئەوەندە دژی یەکتر بوون، نەیدەهێشت لە ماریۆ نزیك ببێتەوە تا گوێ لەقسەکانیان بگرێت، لەبەر خۆیەوە هەمیشە دەیگوت: ماریۆ هەموو نهێنییەکانی من دەزانێت، چونکە کەسێکی تر شك نابەم نهێنییەکانی خۆمی بۆ بگێڕمەوە، ئەگەرچی ئەو هەندێك جار بەزادەی خەیاڵی دەزانێت و دوور لە واقیع، بەڵام خۆشبەختانە ئەمشەو گوێی لەو چیرۆکە خەیاڵییانەیە، کە من سەبارەت بەخۆم بۆم دەگێڕایەوە.

درێژەکێشانی تەلەفۆنەکەو دڵەڕاوکەی ئەو حەزی بۆ خواردنەوەی ئەلکهول ڕاکێشا، بۆیە وەك کەسێك ئیتر دەربەستی هیچ نەبێت بەرەو کۆشکەکەی نێوەندی شار، کە چەند مەترێك لێیانەوە دوور بوو ڕاکێشا....

- فەرموو
- چارەکێك فۆدکا

بەنیازی قوملێدانێکی قوڵی فۆدکا بۆ فەرامۆشکردنی ئازارەکانی، جگە لەوەی هەستی بە سوتاندنی دەم و قوڕگی تا ناو گەدەی، هەستی بە هێڵنجدانێك دەکرد، کە وەخت بوو ڕیخۆڵەکانیشی پێوە بێنە دەرەوە. سەرەڕای سوڕانی مێشکی بەدەوری ئەم جیهانەدا.

بەرەو لای ماریۆ گەڕایەوە، بە نیازی ئەوەی پێی بڵێت: چیتر لە حەوسەڵەمدا نەماوەو دەچمەوە ماڵەوە چی دەبێت با ببێت.

بەشوێن ماریۆدا گەڕایەوە شوێنەکەی یەکەمجار.

- ها ئەوە چیتە، بۆ وات لێهاتووە؟ دیارە زۆرت خواردۆتەوە!.
- نا، ماریۆ من تاقەتی هیچم نەماوە دەچمەوە ماڵەوە
- زۆرم پێخۆشە، منیش هەر وویستم پێکەوە بچینەوە ماڵەوە، چونکە ئەمشەو تازە بەکەڵك نایەت و تۆش زۆر بێتاقەتیت.
- ئەو کابرا بێناموسە بۆ تەلەفۆنی کرد، خۆ هیچم لە ژنەکەی نەکردووە؟ ئەی بۆم نەگێڕایتەوە ژنەکەی خۆی ژمارەکەی دامێ، با بڕوات پرسیار لەژنەکەی بکات، بۆ سەرو دڵی ئێمە مانان دەگرێت. هەموو گوناهی من ئەوە بوو وامزانی شوی نەکردووە، جا با شوی کردبێت!
- تۆ ڕاست دەکەیت، با بچینەوە ماڵەوە هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمە، ئەگەرچی دەزانم هیچ پەیوەندییەکت بەم جیهانەوە نەماوە.
- ئاخر من گوناهم چییە؟ ئەوانەن دەبنە هۆی ئەوەی لەم جیهانەمان دابڕن، ماریۆ تۆ خۆت دەزانیت من چەنێك مرۆڤم خۆشدەوێت، خۆ بەوە نییە کرێکارم، خۆزگە هەموو کەسێك کرێکار بوایەت، بەڵام هۆشیاری لەو ئاستەدا بوایە، کە نرخی مرۆڤی بزانیباو لەو نرخەوە مرۆڤی خۆش بوویستایە. ماریۆۆۆۆۆ من هەموو مرۆڤێکم خۆشدەوێت، بەڵام تۆ دەڵێیت چی: کەسێك ڕەتی دەکاتەوە، ئاخر بۆۆۆۆ.

- کەمێك لەسەرخۆ، خەڵك بە شێوەیەکی تر سەیرمان دەکات، با بگەینەماڵەوە چی دەڵێیت و چۆن بەدەنگی بەرز قسە دەکەیت من ڕازیم.
- باشە دەزانم سەرخۆشم، بەڵام پێم بڵێ: بزانم ئەو قەحبە چی داوێکی بۆ ناومەتەوە.
- بێدەنگ بە، تەواو ئێستا دادەبەزین.

لەو کاتەدا، کە دابەزین ماریۆ وەك دەستی منداڵێکی گرتبێت توند دەستی گرتبوو بۆ ئەوەی لە شەقامەکە بپەڕننەوە. ئەویش دوا پێکی فۆدکا لەشوشەکەی ئەو دەستەکەیدا مابوو لە چاوەکانی ماریۆوە هەڵیدا!. کەمێك ڕاوەستە لێرەدا (ماریۆ ئەمەی گوت). ئەو لە شوێنی خۆی بە بێ ئەوەی بجوڵێت سەری بەدەوری ئەم جیهانەدا دەسووڕایەوەو هەندێ جاریش لەتری دەبرد. ماریۆ لەهەمان گەڕەك و ئەو شەقامەی ئەوی تێدا دەژیا ڕادەما، وەك کەسێك بۆ ئەدرەسێك بگەڕێت یا ئەدرەسێکی لێونبووبێت.

- ها ماریۆ، ئەوە چییە، ئەڵێی ماڵەکەت لێ ونبووە؟
- نا دۆستێکم لێرە دەژی، تۆش دەیناسی، بەڵام تا نەیەتەوە خەیاڵت، یا خۆی باسی نەکات، نازانیت کێیە؟ وە زۆر حەزی کرد ئەمشەو سەردانی بکەم، بەڵام ژمارەی ئاپارتمانەکەم لێ تێك چووە!.
- کوڕی باش دۆستێکی ئەوەندە بەڕێزت لەم شەقامەی مندا هەیە بۆ تا ئێستا پێت نەناساندووم؟
- تۆ سەرخۆشی، ئەگینا ئەو مرۆڤە زۆر لەمن باشتر دەناسیت! ئەگەر پێت خۆشە ئێستا سەردانی دەکەین، بە مەرجێك، کەمێك بێیتەوە سەرخۆت و لەوێ قسەی قۆڕ نەکەیت.
- قسەی قۆڕ چییە ماریۆ، مەبەستت ئەو قەحبە نەبێت؟
- کەواتە تۆ بەکەڵکی ئەو جێگا نایەیت.
- نا وا پەشیمان بوومەوە با بزانین ئەم هاوڕێ بەڕێزەت کێیە؟
- زۆر باشە، کەمێك وەرەوە سەرخۆت و ئاپارتمانی ژمارە سەدو سیازدەم نیشان بدە!.
- هاهاها ئەوە نییە ئێستا ئێمە لەبەردەم ئەو ئاپارتمانەدا وەستاوین، بەڕاستی من بەریداوم بەڵام دیارە تۆ خەیاڵیت، هاهاهاها؟.

پاش لە زەنگدانی ماریۆ، دەنگی فەرموو لێکردنێکی پیاوانە هاتە بەر گوێ!، ماریۆ گوتی: من ماریۆم و یەکسەردەرگاکە کرایەوە.

کێ دەزانێت مرۆڤ لە ژیانیدا توشی چەندین ڕێکەوتی سەیروسەمەرەی چاوەنوارنەکراو دەبێتەوە، کێ دەزانێت لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ئەو ماڵەدا لەلایەن پیاوێکەوە چی تەزوویەك بە لەشیدا هات! ئەو هێشتا لەسەرسامی و مەستبووندا ووڕو گێژو کاسبوو و لە جێگای خۆی چەقیبوو، کە لە هۆڵەکەی بەرامبەریان هەردوو کیژەکەی بینی بە پێوە ڕاوەستابوون و جانتاکەی ئەویان لەبەر پێدا دانا بوو.

پاش چاکی و چۆنی ماریۆ لەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا، دەستی بۆ لای ئەو ڕاکێشاو گوتی: ئـەوە هـاوڕێ بەڕێزەکەمە، بەڵام ئەمشەو لەبەر ئەم بانگهێشتەی ئێوە، کەمێك مەستەو ڕەنگـە ئێسـتا وەك یـەکێك خەو ببینێت لێرەیە، چونکە ژیانی ئەو بۆ خۆی هەمیشە لەخەو دەچێت و هەمیشـەش ئـەو شـتانەی بـۆ مـنی دەگێڕێتـەوە وەك خـەو دێنـە بەرچـاوم، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەسـتدەکەم یـەکێك لەخەونـە گەورەکانی ئەمشەو هاتە دی، ئەگەر خۆی لێی نەبێتە خەون!.

- فەرموون فەرموون، من یەك دونیا شادمان بووم، کە پاش ماوەیەك توانیم ئەو مرۆڤـە مەزنـە بناسم، ڕۆژێك لە ڕۆژان توانی ژیانم بهێنێتەوە، ڕەنگە مرۆڤی مەزن کاری مـەزنی ئەوەنـدە لا گرنگ نەبێت، لەبەر ئەوەی لە مەزنی خۆی نەکەوێت.
- بێگومان ئەو مرۆڤە زۆر مەزنە، بەڕاستی ئەوە سێ ساڵە پێکەوە کاردەکەین هەمیشـە باسـی بەسەرهاتی وای دەگێڕایەوە هەر لەخەونی دەکرد، ئێستا تێگەیشتم، ئەوانـە هیچیان خـەون نین، بەڵکو ڕاستین (ماریۆ وای گوت)
- ماریۆ، ئەرێ من تێناگەم، ئەوە باسی چی دەکەن، من لەو کاتەوە هەر بیر لەوە دەکەمـەوە، بەڕاست ئەوە جانتاکەی منە، خۆ ناشکوری نەبێت چاوەکانم کەمێك کز بووە؟
- ئا ئەوە جانتاکەتە، ئـەو جانتایـەی ئـەو ڕۆژە لەسـەر ڕووبارەکـە لـە پێنـاو ژیـانی مرۆڤێکدا لەبیرتکرد، ئەوە مرۆڤەکە، ئەوە جانتاکە، لەگەڵ ئەو کچەی خۆشتدەوێت!.
- ماریۆ گیان، دەزانم ئەمشەو ڕەوشی بەهۆی ئێمـەوە ناتـەواوە، کـە بەڕاسـتی ئازارمانـدا، نـە دەبوایەت کچەکانم بەو شێوە لەگەڵیـدا هەڵسـوکەوتیان بکردایـەت، کـە پـەنا بـۆ خواردنـەوە ببات، ئێمە داوای لێبوردنی لێدەکەین، ئەوە هەردوو کچەکەم من بۆخـۆم سـەبارەت بـە ئـەو قسەم لەگەڵدا کردوون و ئەو هەرچییەك بڵێت و هەر داوا کارییـەکی هـەبێت، مـن کـوڕم نییـە وەك کوڕێکی خۆم بۆی جێبەجێدەکەم و ئەگەر بخوازێت بە کوڕیشم قبوڵی دەکەم!.
- زۆر سوپاس بۆ ئەو ڕێزو پێزانینەت، وەك من لەتەلەفۆنەکەدا باسمکرد، ئەمشەو بە هۆی ئەو هەڵوێستەی کچەکانتەوە زرۆ بێتاقەت بوو، ئەو نەیدەزانی تۆ باوکی ئەو کچەیت و ئێسـتایش نازانێـت تـۆ ئـەو مرۆڤـەیت، کـە لـە ڕووبارەکـە ڕزگـاری کردیـت. بەهـەر حـاڵ تـا خـەوی لێنەکەوتووە دەیبەمە ماڵەوەو سبەینێ هەردووکمان کارمان نییـەو ئێـوەش بێکـارن، هـەموو شتێکی بـۆ دەگێڕمـەوەو پێکـەوە دێینـەوە خزمـەتتان، بـەڵام پـێش هـەموو شـتێك بـا کچـە گەورەکەت جانتاکەی بداتە دەست، چونکە هەردووکیانی وەك یـەك خۆشـدەوێت و خەفـەتی ئەوان ئاوا مەستی کردووە!.

8.12.2002Heidelberg